بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

یاسای ژمارە ( ) ساڵی ٢٠٢٩

# یاسای پاراستنی ئاژەڵان بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق

## پێناسە و ئامانجەکان

## ( پێناسەکان)

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو مانایانەیە کە دیاریکراوە بەرامبەر هەریەکە لەوان:

یەکەم: یاسا: یاسای پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

دووەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عیراق.

سێ یەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری ئاژەڵان لە هەرێم.

چوارەم: ڕاوکردن: ئەم پرۆسەیە کە تێیدا جۆرەها ئاژەڵە کێویەکان بەدەست دەهێنرێن بە گشت ڕێگەکانی ڕاوکردن.

پێنجەم: ئاژەڵ: گشت ئەوانەی کە کیانیان لەبەرە وەك شیردەرەکان ، باڵندەکان، خشۆکەکان، ووشکاوییەکان، و ماسییەکان و مێروولەکان.

شەشەم: ئاژەڵەکانی ناوماڵ : ئەو ئاژەڵە ماڵییانەن بە سروشتیان کە لەلایەن تاکەکەسەکانەوە بەخێوەکرێن بۆ هەر سوودێك بێت.

حەفتەم: ئاژەڵە کێویەکان : گشت ئاژەڵە ناماڵییەکان دەگرێتەوە.

هەشتەم: ئاژەڵە بەرەڵاکان : هەر ئاژەڵێك کە خاوەنی نەبێت و لەژێر کۆنترۆڵ یان سەرپەرشتی هەر کەسێك نەبێت.

نۆیەم: ئاژەڵە دەربەدەرەکان: هەر ئاژەڵێکی ناوماڵی کە لەژێر کۆنترۆڵی خاوەنەکەی دەرچوویێت.

دەیەم: حجزکردن یان سنووردارکردنی ئازادی ئاژەڵ: هەر شتێك کە ئازادی ئاژەڵ یان جوولەکەی سنووردار بکات و ناوچەکەی دیاری بکات.

یانزەیەم: زیان : هەر زیانێك بە ئاژەڵ بگات بەهۆی ڕەفتاری مرۆڤەوە.

دوانزەم: خاوەن: مەبەست لێی ئەو کەسەیە کە ئاژەڵەکە سامانی ئەو بێت و لەژێر کۆنترۆڵی ئەو بێت چ ئەگەر خاوەنی بێت یان خاوەنی نەبێت.

سیانزەم: سەنتەری ڕزگارکردن: هەر سەنتەرێك بێت ئامادەکراو بێت بۆ داڵدەدان یان ڕزگارکردنی ئاژەڵان.

چواردەم: هۆیەکانی گواستنەوە: هەر هۆیەکی گونجاو بێت و ئامادەکراو بێت بۆ گواستنەوەی ئاژەڵان.

پانزەم: باخچەی ئاژەڵان: دامەزراوەیەکی مۆڵەتدراوە ئامادەکراوە بۆ داڵدەدان و نمایشکردنی ئاژەڵان لە پێش جەماوەر.

شانزەم: ڕێککەوتننامەی سایتس: ڕێککەوتننامەی بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ ئەو جۆرە ئاژەڵانەی هەرەشەی لەناوچوونیان هەیە وەك ئاژەڵ و ڕووەکە کێویەکان.

حەڤدەم: ڕێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی ئاژەڵ: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە گرنگی بە تەندروستی ئاژەڵ دەدات.

ماددەی دووەم:

ئامانج لەم یاسایە بریتی یە لە ڕێکخستنی مامەڵەکردنی تاکەکەسەکان لەگەڵ ئاژەڵەکان بەشێوەیەکی مرۆڤانە و یاسایی لەڕێگەی:

یەکەم: پارێزگاری کردن لە ئاژەڵان و نەهێشتنی تووشبوونیان بە مردن یان کوشتن.

دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵەماڵییەکان بەشێوەیەک کە دوور بن لە ئازار و ئەشکەنجەدان بەهەر شێوەیەک بێت.

سێ یەم: قەدەغەکردنی کوشتنی ئاژەڵان جگە لەوەی کە ڕێککارەکان دەقیان هاتووە لەم یاسایەدا و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەو ڕێککارانە دەرچوون.

چوارەم: شێوەی یاسایی پێدان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵانی کێوی و بەرەڵا و دەربەدەر.

پێنجەم: ڕێکخستنی راوکردنی ئاژەڵان بە گشت جۆرەکانیەوە.

شەشەم: پارێزگاری کردن لە هاوسەنگی سروشتی و ژینگەیی لە هەرێم دا.

حەوتەم: پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە هەرێم دا.

## ئەنجومەنی کوردستانی بۆ چاودێری کردنی ئاژەڵ

## پێکهێنانی ئەنجومەنەکە

ماددەی سێ یەم: بەپێی ئەم یاسایە لە هەرێمدا ئەنجومەنێك دادەمەزرێت ناودەبرێت بە ئەنجومەنی کوردستانی بۆ چاودێری کردنی ئاژەڵ بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پێکدێت لە:-

یەکەم: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان : وەك سەرۆکی ئەنجومەنەکە.

دووەم: ئەندامانی نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە کە ناونیشانیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١. پەروەردە
٢. ناوخۆ
٣. ئەوقاف و کاروباری ئایینی
٤. شارەوانییەکان و گەشتوگوزاری
٥. خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی
٦. تەندروستی

سێ یەم: نوێنەرێك کە ناونیشانی کارکردنی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت لە دەستەی پاراستنی ژینگە.

چوارەم: نوێنەرێك لە ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە ئاژەڵان لە هەرێم دا.

پێنجەم: ئەنجومەنەکە بۆی هەیە چاوپێداخشانەوە بە ئەندامێتی ئەندامەکانی بکات هەر چوار ساڵێك.

شەشەم: سەرۆکی ئەنجومەنەکە بۆی هەیە پێشنیاری تەنسیب کردن یان دامەزراندنی ژمارەیەك لە کارمەندان بکات تێیدا بەپێی پێویستییەکانی ئەنجومەنەکە.

## ئەرکەکانی ئەنجومەن

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ئەنجومەنەکە سەرپەرشتی لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکات:

١. پاراستنی سامانی ئاژەڵ.
٢. پارێزگاری کردن لە هەمەجۆری ژینگەیی زیندەگی و نا زیندەگی.
٣. بلاوکردنەوەی هۆشیاری بەزەیی هاتن بە ئاژەڵان و قەدەغەکردنی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیان و هاندانی راگرتنی پارە یان چاودێری کردنیان بە شێوەی دامەزراوەی خێرخوازی بۆ چاودێری کردنی ئاژەڵ.
٤. پێشنیارکردنی راسپاردەی پێویست سەبارەت بە دیزاین کردن و چاککردنەوە و نوێکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵان دەکات وەك کوشتارگە گشتی و تایبەتەکان و باخچەکانی ئاژەڵان و هی تر.
٥. دانانی رێککاری پێویست بۆ رێکخستنی هەڵسانی دەسەلاتە پەیوەندیدارەکان بۆ رزگاربوون لە ئاژەڵە بەرەڵاکان یان دەربەدەرەکان یان ئەوانەی زەرەریان هەیە بۆ تەندروستی گشتی، ئەوەش چ لەرێگەی رادەست کردنیان بە یەکێك لە کۆمەڵەکانی چاودێری کردنی ئاژەڵان یان بە کوشتنیان بە رێگە بەبەزەییەکان ئەگەر پێویست بکات.
٦. هاندانی دروستکردنی خانووەکانی رزگارکردن و داڵدەکانی ئاژەڵان و پەناگەکان و هاوشێوەی ئەوانە و پێشکەش کردنی یارمەتی ماددی و مەعنەوی.
٧. هاریکاری و هەماهەنگی کارکردن لەگەڵ کۆمەڵەکان و دەستەکان و رێکخراوە ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەکان کە کاردەکەن لە بواری پاراستنی ئاژەڵان و چاودێری کردنیان بەشێوەیەکی ڤێتێرنەری.
٨. راسپاردەکردن بەوەی کە بەیاشی دەبینێت بۆ باشکردنی حاڵەتی ئاژەڵ و بێ بەزەیی نەکردن بەرامبەری و دابین کردنی خزمەتگوزاری ڤێتێرنەری گونجاو.
٩. دانانی رێککاری بۆ ئامارکردنی جۆرەکان و ژمارەکانی ئاژەڵە کێوییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان لەسەر خاوەنەکانیان لەلایەن لێژنە ناوخۆییەکان.

دووەم: دەرکردنی رێنمایی و رێککاری لەو پرسانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون.

## لێژنەکانی ناوخۆیی بۆ چاودێری ئاژەڵ

مادەی پێنجەم: لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم لێژنەیەکی ناوخۆیی پێك دەهێنرێت بۆ چاودێری کردنی ئاژەڵان بەسەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامێتی هەریەکە لە:

یەکەم: بەرێوبەرە گشتی یەکانی هەریەکە لە:

١. پەروەردە.
٢. پۆلیس.
٣. ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٤. کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.
٥. شارەوانییەکان و گەشتوگوزاری.
٦. تەندروستی.

دووەم: بەرێوەبەرانی ئەم فەرمانگانەی خوارەوە لە پارێزگادا:

١. ڤێتێرنەری.

٢. ژینگە.

٣. ئامار.

سێ یەم: نوێنەرێکی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە چاودێریکردی ئاژەڵ.

چوارەم: یەکێك لە مامۆستاکانی زانکۆیی پسپۆر لە پارێزگاکە.

## پراکتیزە قەدەغەکراوەکان

ماددەی شەشەم: گشت شێوەکانی مامەڵەکردنی توندوتیژ لەگەڵ ئاژەڵان قەدەغەیە ، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمانەی خوارەوە قەدەغەکراوە:

١. ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێك کە ببێتەهۆی ئەشکەنجەی ئاژەڵ یان زیان گەیاندن پێی لە بارودۆخی بێ پاساو و قبولنەکراو

٢. ژەهراوی کردنی ئاژەڵ بەئەنقەست یان بێ گوێپێدان

٣. ئەشکەنجەدان یان تێکدان یان لێدان یان بریندارکردن یان خراپ مامەڵەکردن یان خراپ قۆستنەوە یان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی مامەڵەکردنی خراپی ئاژەڵ.

٤. بەکارخستن یان لێخوڕین یان بەکارهێنانی ئاژەڵ ، بۆ مەبەستێك کە گەنجاو نەبێت لەگەڵی.

٥. جێهێشتنی ئاژەڵ یان فەرامۆشکردنی تا ڕادەیەك کە زیانێکی زۆری پێبگەیەنێت.

٦. سنووردارکردنی ئازادی ئاژەڵ یان سنووردارکردنی جووڵەی بەشێوەیەك ببێتەهۆی زیان گەیاندنی زۆر پێی.

٧. بێ بەشکردنی ئاژەڵ لە خواردن و ئاو.

٨. بەئەنقەست دابین نەکردنی داڵدە بۆ پاراستنی ئاژەڵ لە بارودۆخەکانی کەش و هەوای کاریگەر لەسەر ژیانی.

٩. پێشکەش کردن یان ئامادەکردنی ئاژەڵێك بۆ ئاژەڵێکی تری ڕاوکەر بەمەبەستی ڕاوکردنی یان کوشتنی.

١٠. بوونەهۆی کوشتنی ئاژەڵ یان بریندارکردنی بەهۆی ئاژەڵێکی تر.

١١. کوشتنی بێ پاساوی ئاژەڵ.

١٢. کوشتنی ئاژەڵ بەشێوازێك کە مردن بە خێراترین کات نەهێنێتەئاراوە.

١٣. ماندووکردنی ئەو ئاژەڵەی بۆ سواربوون یان بارهەڵگرتن یان ڕاکێشان بە باری زۆر لەسەرووی تواناکەی یان تەمەنەکەی ئامادەکراوە یان بەکارهێنانی ئاژەڵە بریندارەکان بە نەخۆشیەك کە نەتوانێت کار بکات بە شێوەیەکی سروشتی.

١٤. زیندانی کردن یان سنووردارکردنی ئاژەڵ یان ئەشکەنجەدانی بێ ڕەوای یان فەرامۆش کردنی پێشکەش کردنی ئەوەی کە پێویستی پێیەتی وەك خواردن یان ئاو یان هەوا.

١٥. بەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ بەجێهێنانی جووڵەی تایبەت و بۆ ئەمەش تۆقاندن یان ئەشکەنجەدان بەکار بهێنرێت.

١٦. ناچارکردنی ئاژەڵ بۆ خواردن و خواردنەوەی سەرووی توانای ئەو بەمەبەستی زیادکۆدنی کێشی.

١٧. بەکارهێنانی ئاژەل لەو کارانەی کە شیاو نین بۆی کە ئەمەش دەبێتە هۆی ترساندنی یان ئەشکەنجەدانی وەك بەکارهێنانی ئەسپ لە شێلاندنی قوڕ.

١٨. بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئامادەکردنی ئاژەڵەکان بۆ سەربڕین وەك لێدان لەسەر سەر یان بڕینی ڕفیسکی ئاژەڵ یان دەرهێنانی چاوی.

١٩. بەکارهێنانی ئاژەڵان لە ئەندازیاری جینی بێ مەرج و ڕێککاریەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢٠. بڕینەوەی بەشێك یان ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئاژەڵەکە یان ئەنجام دانی نەشتەرگەری بەبێ سەرپەرشتیاری پزیشکی ڤێتێرنەری.

٢١. پێدانی هەر ماددەیەك کە هەرەشە لە سەلامەتی یان گەشەی سروشتی ئاژەڵ بکات یان ببێتەهۆی ئێش و ئازار یان برینێکی جەستەیی بەبێ پاساو.

٢٢. پێدانی هۆرمۆنی ڕێپێنەدراو بە ئاژەڵ لەلایەن لایەنەکانی ڤێتێرنەریەوە.

٢٣. ڕێکخستنی جەنگ لە نێوان ئاژەڵێك و ئاژەڵێکی تر یان ئاژەڵێك و مرۆڤێك.

٢٤. بەکارهێنانی ئاژەڵەکان لە پێشانگاکان و کەمپینەکانی ڕێکلام کردن و کارە هونەرییەکان ئەگەر بەکارهێنانیان ببێتەهۆی ئێش و ئازار و ئەشکەنجە بۆ ئاژەڵەکان.

## پابەندبوونەکانی بەخێوکەران و خاوەن ئاژەڵەکان

### بەخێوکردنی ئاژەڵ

**ماددەی حەوتەم:**

ئەوەی کە ئاژەڵ بەخێو دەکات یان چاودێری دەکات پابەند دەبێت بەمانەی خوارەوە:

یەکەم: دابین کردنی خواردن و چاودێری کردن و داڵدەدان کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی ئاژەڵەکە و هەروەها پێداویستی و پێودانگە ڕەفتارییەکان بەرامبەر بە ئاژەڵ بەشێوەیەك کە پێویستی بۆ ئەمانە دابین بکات:-

١. ژیان لە ژینگەیەکی گونجاو.
٢. خواردنی گونجاو.
٣. پراکتیزەکردنی ڕەفتارە سروشتییەکانی ( بەتایبەتی زاوزێ کردن).
٤. ژیان لەگەڵ ئاژەڵی تر ، و لە هەندێك حاڵەتیشدا ، پێویستی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵی تر نەژێت.
٥. پاراستنی لە ئێش و ئازار و ئەشکەنجە و برینداربوون و نەخۆشییەکان.
٦. پاراستنی لە ترس و بێزارکردن.

دووەم: دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ وسروشتی ئاژەڵە بەخێوکراوەکە کە جوولە سروشتیەکەی پەك نەخات یان سنوورداری نەکات یان ئێش و ئازاری پێبگەیەنێت.

### ئەو ئاژەڵانەی لە خاوەنەکانیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: ئەو ئاژەڵانەی کە لە خاوەنەکانیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت یان دوور دەخرێنەوە بەشێوەیەکی بەردەوام یان کاتی، لای یەکێك لە کۆمەڵە ئەهلییە تایبەتمەند بە چاودێری ئاژەڵ یان باخچەکانی ئاژەڵان بە درێژایی ماوە یاساییە بڕیار لەسەر دراوەکە دادەنرێن و دەبەخشرێن بە یەکێك لە کۆمەڵە ئەهلییە تایبەتمەندەکان یان لە مەزادێك دەفرۆشێن یان دەبەخشرێن بە داڵدەیەك.

دووەم: ناکرێت بازرگانی بکرێت بەو ئاژەڵانەی ناویان هاتووە لە هەریەك لە پاشکۆکانی ڕێککەوتننامەی بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ ئەو جۆرانەی کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەر و رووکە کێویەکان ( سایتس cites) یان هەر بەشێك لە بەشەکانی بەشێوەیەکی نا یاسایی.

سێ یەم: ئەو سزایانەی کە لە ماددەی بیست و شەشەم لەم یاسایەدا دەقی هاتووە ، زاڵە بەسەر ئەوانەی پێشێلی ئەحکامەکانی بەندی ( دووەم) لەم ماددەیە دەکەن و ئاژەڵەکان و ئەو ماددانەی کە لە بەندی ( دووەم) دا ئاماژەیان پێکراوە لەسەرەوەدا دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

## پابەندبوونەکانی خاوەن کێلگەکان و پرۆژەکانی بەرهەم هێنان

### ماددەی نۆیەم:

خاوەن کێلگەکان و پرۆژەکانی بەرهەم هێنان پابەند دەبن بەمانەی خوارەوە:

یەکەم: بەکارهێنانی ئەو شێوازانەی کە ئێش و ئازار یان ئەشکەنجە یان نەخۆشی ناهێننە ئاراوە بۆ ئاژەڵەکان.

دووەم: ناچارمەکردنی ئاژەڵ بۆ شێوازە نایاساییەکان یان مۆڵەت پێنەدراوەکان بەشێوەیەکی زانستی بۆ زۆربوون یان بەرهەم هێنانی هەڵبژێردراو یان گەشەی خێرا بەشێوەیەکی هەرەمەکیانە ئەگەر ئەمە ببێتەهۆی ئازاردانی ئاژەڵەکە.

سێ یەم: پەسەندکردنی هۆیەکان و شێوازی مۆڵەتپێدراو و پەسەندکراو بە شێوەیەکی زانستی بۆ دابەستەکردنی ئاژەڵ.

## گواستنەوەی ئاژەڵەکان

### ماددەی دەیەم:

پێویستە ئاژەڵەکان بۆ هۆکاری رێپێدراو بەپێی رێکککاری و رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بگوازرێنەوە ، پێویستە لەکاتی گواستنەوەی ئاژەڵەکان رەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

یەکەم: لەکاتی گواستنەوەیان نابێت بە شێوازێك بگوازرێنەوە کە ببێتەهۆی برینداربوون یان ئازاردانی ئاژەڵەکان.

دووەم: نابێت ئاژەڵە نەخۆش یان برینداراەکان یان ئەوانەی ناتوانن جووڵە بکەن، بە تەنها بگوازرێنەوە بەبێ ئێش یان ناتوانن برۆن بەبێ یارمەتی.

سێ یەم: بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی گونجاو و شیاو لەگەڵ دانانی نیشانەیەکی روون لە پێشەوە و دواوەوەی هۆیەکەی گواستنەوە کە دەستەواژەی ( ئاژەڵی زیندووی) لەسەر بێت.

چوارەم: بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی گونجاو بۆ جۆری ئاژەڵە گوێزراوەکان بەپێی قەبارە و کێش و ژمارە و باری کەش و هەوا و توانای هۆیە بەکارهێنراوەکان بۆ گەرەنتی کردنی حەسانەوەی ئاژەڵەکان و سەلامەتیان.

پێنجەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هۆیە ئازاربەخشەکان لەپێناو ناچارکردنی ئاژەڵەکان بۆ رۆیشتن لەسەر پێ یان لەکاتی بەستنەوەیان یان لەکاتی پرۆسەکانی بارکردن و داگرتن دا.

شەشەم: دیاریکردنی کەمترین کاتی گواستنەوە و ئەگەر ماوەی گەشتەکە زیاتر بوو لە هەشت کاتژمێر، ئەوا دەبێت کاتی حەسانەوە دابین بکرێت و هەروەها خواردن و ئاو بەپێی پێویستی ئاژەڵەکە دەستەبەر بکرێت.

حەوتەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مەوادی هێمن کەرەوە یان هەر دەرمانێکی تر بەشێوەیەکی رۆتینی لەکاتی گواستنەوەدا.

هەشتەم: هەڵسەنگاندنی باری تەندروستی ئاژەڵەکان لەکاتی دەستپێکردن بە پرۆسەی گواستنەوە و کۆتایی هاتنی.

نۆیەم: پێدانی پێشینیی ( اولویة ) بە دەستەبەرکردنی بەزەیی هاتن بە ئاژەڵ لەکاتی پرۆسەکانی بارکردن و داگرتن بەمەرجێك پرۆسەکانی داگرتن دەستبەجێ لەگەڵ گەیشتنی ئاژەڵەکان بە شوێنی مەبەستی کۆتایی ئەنجام بدرێت.

## بەکارهێنانی ئاژەڵەکان لە توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوەکان و تاقیکردنەوە زانستی یەکان

**ماددەی یانزەیەم:**

یەکەم: هەر بەکارهێنانێکی ئاژەڵان لە توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوەکان و تاقیکردنەوە زانستی یەکان ملکەچی مۆڵەت پێدانێکی پێشتر دەبێتەوە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار.

دووەم: مەبەست لە تاقیکردنەوەکان دەبێت گەیشتن بێت بە دۆزینەوەی نوێ لە زانستی فەرمانزانی ( فسیۆلۆجی) یان بە سوود بن بۆ رزگارکردنی گیانەکان یان درێژکردنەوەی تەمەن یان چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان یان سووك کردنی ئێش و ئازار چ لای مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ یان بۆ دۆزینەوەی مەترسیە ژینگەییەکان یان بۆ پەرەپێدانی بەرهەم هێنانی ئاژەڵی یان رووەکی بێت.

سێ یەم: تاقیکردنەوەکان دەبێت پێویست بن لەگەڵ نەبوونی جێگرەوەکان ( ئەلتەرناتیڤەکان) و تاقیکردنەوەکانیش لەسەر کەمترین ژمارە لە ئاژەڵەکان ئەنجام بدرێت.

چوارەم: لە تاقیکردنەوەکاندا ئەو ئاژەڵانە بەکار دەهێنرێن کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە زاوزێیان پێدەکرێت لە سەنتەرە رێپێدراوەکان و لەکاتی نەبوونی ئەو ئاژەڵانە، ئاژەڵە بەخێوکراوەکانی شەقامەکان یان هاوردەکراوەکان بەپێی بروانامەی سەرچاوە کە پەسەندکراون بەکار دەهێنرێن.

پێنجەم: لەکاتی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان لەسەر ئاژەڵەکان ، دەبێت رەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

١. نەبڕینەوەی یان لابردنی هەر بەشێك لە لەشی ئاژەڵ یان لابردن یان پەککستنی هەر ئەندامێکی ئاژەڵەکە.
٢. دەبێت سڕکەر بدرێت بە ئاژەڵەکە پێش ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان.
٣. هیچ تاقیکردنەوەیەکی نەشتەرگەری دووەم ئەنجام نادرێت تەنها پاش نەمانی کاریگەری تاقیکردنەوەکەی پێشتر نەبێت.
٤. چارەسەرکردنی ئاژەڵەکە پاش ئەنجام دانی نەشتەرگەری.
٥. دەبێت تاقیکردنەوەکان لەلایەن کەسانی خاوەن شارەزایی و ئەزموونی پێویست بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان و توێژینەوەکان لەسەر ئاژەڵان ئەنجام بدرێت لەگەڵ دیاریکردنی قەدەغەکردنی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان لەسەر هەندێك جۆری ئاژەڵ.

## ئاژەڵی نەخۆش

**ماددەی دوانزەم:**

یەکەم: ئەگەر باری تەندروستی ئاژەڵ ئێش و ئازاری زۆر و بەردەوامی بۆ دروست بکات کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەوا پزیشکی ڤێتێرنەریەکە دەبێت بەخۆی نەك کەسانی تر ژیانی ئاژەڵەکە بەرێگەیەکی بەزەییانە کۆتایی پێبهێنێت ، و دەکرێت گۆشتەکەی بقۆزرێتەوە لەلایەن مرۆڤ و باخچەکانی ئاژەڵان ئەگەر کێشەی نەبوو و سەلامەت بوو.

دووەم: لەو حالەتانەی کە نەهاتوون لە بەندی ( یەکەم) لەو ماددەیە ، و ئەگەر پێویست بکات لە ئاژەڵەکە خۆ دەرباز بکرێت لەرێگەی کوشتنی ، ئەوا دەبێت ئەمە بکرێت بە سەرپەرشتی پزیشکی ڤێتێرنەری و بە یەکێك لە هۆیەکانی کوشتنی بە بەزەییانە.

## خۆ رزگارکردن لە لاشەی مردووی ئاژەڵان

ماددەی سیانزەم:

یەکەم: خۆ رزگارکردن لە لاشەی مردووی ئاژەڵان دەکرێت بەیەکێك لەو هۆیانەی کە لە رێنماییەکانی دەرچوو لە ئەنجومەن هاتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

دووەم: نابێت و قەدەغەیە لاشەی مردووی ئاژەڵان فرێ بدرێنە رووبارەکان و جۆگەکان و رێرەوەکانی ئاو و رێگاکان و چۆڵەوانی.

## کوشتنی ئاژەڵان بۆ خۆپاراستن دژ بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان

ماددەی چواردەم:

یەکەم: لەحاڵەتی بوونی مەترسیەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەك کە لە ئاژەڵێکەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاژەڵێکی تر یان لە ئاژەڵێك بۆ مرۆڤ، ئەوا حکومەت بریارێك دەردەکات کە قەرەبووکردنەوەی رەوا دادەنێت بۆ خاوەنەکانی ئاژەڵەکان و پلانێکی تەندروستی نیشتمانی دادەنێت بەپێی راسپاردە دەرچووەکان لە رێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی ئاژەڵان OIE کە پێویستن لەوانەش ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستن بۆ قەڵاچۆکردنی پەتاکە و دڵنیایی کردنی سەلامەتی هاوڵاتیان و کارمەندان و سەلامەتی ژینگە و جێبەجێکردنی پرینسیپەکانی بەزەیی هاتن بە ئاژەڵ.

دووەم: دەکرێت ئەنجومەنەکە بریارێك دەربکات بەکوشتنی ئاژەڵەکان لەو حاڵەتانەی کە دەسەڵمێنرێت کە ئەو رێوشوێنە گونجاوە لەگەڵ زیانەکە و پێویستی قەڵاچۆکردنی بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەك یان پەتایەك تەنیو یان مەترسیدار و لەم حاڵەتەش ئەم رێککارانەی خوارەوە رەچاو دەکرێت:

١- ئەنجام دانی ئەمە بەسەرپەرشتی لیژنەی پێکهێنراو لە پسپۆران کە هەریەکەیان دەبێت لەلایەن پزیشکێکی ڤێتێرنەریەوە سەرکردایەتی بکرێت.

٢- پەسەندکردنی هۆیەکانی کوشتنی بەبەزییانە بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

٣- پابەندبوونی خاوەن کێڵگەکان بە راگەیاندنی ئەو ئاژەڵانەی کەلەو کێڵگانە هەن و یارمەتی دان لە جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنانەی لەسەرەوەدا باسکراون.

## بەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ کات بەسەربردن و رابواردن

ماددەی پانزەیەم:

هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بۆی نی یە هەڵسێت یان بەشداری بکات لە نمایشکردن یان دەستەمۆکردنی هەر ئاژەڵێك تەنها ئەگەر رێپێدراو بێت بەمە و رێپێدانەکەش لە لیژنەی ناوخۆیی تایبەتمەند دەردەچێت پاش وەرگرتنی رای ئەنجومەنی کوردستانی بۆ چاودێری کردنی ئاژەڵان بەپێی ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

بۆ وەرگرتنی رێپێدان بۆ دەستەمۆکردن و نمایشکردنی ئاژەڵ ، ئەمانەی خوارەوە مەرجن:

١. داواکاری رێپێدان دەبێت داتاکان و مەرجە بریارلەسەردراوەکان کە لەم یاسایەدا هاتوون بەجێبهێنێت.

٢. دەستەمۆکردن یان نمایشکردن نابێت دیمەنی وای تێدابێت کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی یاسا بێت یان هەستی خەڵك بریندار بکات.

٣. نابێت دەستەمۆکردن یان نمایشکردنی ئاژەڵ هیچ توندوتیژی یان ئازارێك یان ئەشکەنجەیەکی نا پێویست بێنێتەکایەوە.

٤. ئەگەر فلیمە سینەمایی یان تەلەفزیۆنییەکان دیمەنی توندوتیژی لەخۆگرتبوو کە ئازاری هەستی خەڵك بدات ، ئەوا هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەشێت سکاڵا پێشکەش بە لیژنەی ناوخۆیی چاودێری کردنی ئاژەڵانی پەیوەندیدار بکات و ئەم لیژنەیەش بۆی هەیە ڕێوشوێنەکان بگرێتەبەر بۆ نەهێشتن یان ڕاگرتنی ئەم نمایشانە.

## گرەو و پێشبرکێکان

ماددەی شانزەیەم:

بەتەواوی قەدەغەی ڕێکخستنی هەر شەڕێك دەکرێت لەنێوان ئاژەڵێك و ئاژەڵێکی تر یان لە نێوان باڵندەکان یان وروژاندنی ئاژەڵێك دژ بە ئاژەڵێکی تر یان زۆرانبازی گا و سەگ و کەڵەشێر و هی تر، چ بەشێوەیەکی بازرگانی یان تاکەکەسی بێت و چ ئەمە لە پێناو پارە بێت یان نا.

## مۆڵەتەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵان

ماددەی حەڤدەیەم:

یەکەم: ئەم لایەنانەی خوارەوە دەبێت مۆلەتی لیژنەی ناوخۆی پەیوەندیدار وەربگرن سەرەرای لایەنە کارگێرییەکانی تر:

١. باخچەکانی ئاژەڵانی تایبەت.

٢. هەر شوێنێکی گشتی بۆ نمایشکردنی ئاژەڵان و سێرك.

٣. شوێنەکانی فرۆشتنی ئاژەڵەماڵیەکان.

٤. هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بازرگانی بکات بە ئاژەڵی ماڵی یان درندە.

دووەم: ئەنجومەنەکە مەرجەکانی دەرکردنی مۆلەتی بۆ ئەم لایەنانە دەردەکات.

ماددەی هەژدەیەم: باخچەکانی ئاژەڵان

یەکەم: ناکرێت باخچەکانی ئاژەڵان دروست بکرێت تەنها پاش وەرگرتنی مۆلەتی پێویست بۆ ئەمە لە وەزارەتی شارەوانییەکان و گەشتوگوزاری و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

دووەم: مەرجە شوێنی باخچەکە لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون دوور بێت بە دووری (٢ کم) دوو کیلۆمەتر بەلایەنی کەم.

سێ یەم: دەبێت پزیشکێکی ڤێتێرنەری یان زیاتر لە پسپۆرانی ژیانی سروشتی سەرپەرشتی باخچەکە بکات.

چوارەم: وەزارەتی شارەوانییەکان و گەشتوگوزاری ڕێنمایی تایبەت دەردەکات بە مۆڵەتەکانی کردنەوەی باخچەکانی ئاژەڵان و مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت و ڕێککارییەکانی کارکردن تێیدا.

## پابەندبوونەکانی خاوەنی باخچەی ئاژەڵان

ماددەی نۆزدەیەم: کەسی خاوەن باخچەی ئاژەڵان پابەند دەبێت بەمانەی خوارەوە:

یەکەم: گوێرایەڵ بوون بە مەرجە تەندروستی و کارگێری و ژینگەییەکان کە ئەو ڕێنماییانەی ئاماژەکان پێیان کرد دیاری دەکەن ، ماددەی ( هەژدەم)

دووەم: دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنەی مۆلەت دەدات بکرێتەوە سەبارەت بە داخلکردنی هەر ئاژەڵێکی نوێ لە باخچەکە لەگەڵ روونکردنەوەی سەرچاوەکەی و هەروەها ئاگاداری کردن لە هەر حالەتێکی منداڵ بوون یان مردن لە باخچەکەدا و ئەمەش لەماوەی مانگێك لە ڕوودانی حالەتەکە.

سێ یەم: گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی تەعەروزکردنی ئاژەڵان لەلایەن سەردانیکەران ئەمەش بۆ دڵنیایی سەلامەتی سەردانیکەران و ئاژەڵان.

چوارەم: لەحالەتی قفلدانی باخچەکە بۆ هەر هۆیەك بێت، ئەوا لەسەر خاوەنەکە پێویستە بەردەوام بێت لە دابینکردنی چاودێری کردنی ئاژەڵان تاکو دووبارە کردنەوەی باخچەکە یان دڵنیایی کردنی داڵدەیەکی تر بۆیان.

پێنجەم: لەسەر ئەو لایەنەی کە مۆڵەتی بەخشیووە مۆڵەتەکە بەشێوەیەکی کاتی هەڵواسێت یان بە یەکجاری بیکێشێتەوە بەپێی گەورەیی سەرپێچیەکە لەکاتی سەرپێچی کردنی خاوەن باخچەکە بۆ هەر حوکمێك لە حوکمەکانی ئەو ماددەیە بێ پێشێلکردنی هەر سزایەکی تر کە بەپێی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی تر دەسەپێنرێت.

ماددەی بیستەم:

یەکەم: بۆ بەشداری پێکردنی ئاژەڵان لەهەر پێشبرکێیەك، دەبێت مۆڵەت بۆ ئەمە وەربگیرێت لە لایەنی ڕێکخەری ئەم پێشبرکێیە.

دووەم: نابێت ژیانی ئاژەڵە بەشداربووەکان دووچاری مەترسی بکرێتەوە بەهەر شێوەیەك بێت لەوانەش پێدانی دەرمان پێیان یان مەشق پێکردنیان لەسەرووی توانا سروشتییەکانیان.

## سەنتەرەکانی زۆربوون و فرۆشتنی ئاژەڵان

ماددەی بیست و یەك:

یەکەم: شان بەشانی مەرج و ڕێککارە تایبەتەکانی دروستکردنی کێڵگە و پرۆژەکانی بەرهەم هێنان، هەر لایەنێك کە هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ و زۆربوونیان بە مەبەستی فرۆشتنیان، دەبێت مۆڵەت وەربگرێت بۆ ئەمە لە لیژنەی ناوخۆیی وێرای ڕەزامەندییە کارگێرییەکانی تر.

دووەم: ئەنجومەنەکە ڕێنمایی تایبەت بەو مۆڵەت و مەرجەکانی کاری ئەو لایەنانەی ئاماژەیان پێکرا لە بەندی ( یەکەم) لەو ماددەیە دەردەکات.

## دەستکەوتنی ئاژەڵی کێوی

ماددەی بیست و دوو:

دەستکەوتنی هەر یەکێك لەو ئاژەڵانەی کە جۆرەکانیان لە پاشکۆی ١ و ٢ لە ڕێککەوتننامەی بازرگانی نێودەوڵەتی کە هەرەشەی نەمانیان لەسەرە وەك ئاژەڵ و رووەکە کێوییەکان ( سایتس) قەدەغە دەکرێت، چ لە سروشتدا بەدەست بهێنرێت یان لەدایك بوو بێت لە خێزانەکان جگە لە باخچەکانی ئاژەڵی مۆڵەت پێدراو یان لای کۆمەڵەکانی بەزەیی هاتن بە ئاژەڵان یان سەنتەرەکانی ڕزگارکردنی مۆڵەتدراو بەپێی مەرجەکان.

## راوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان

ماددەی بیست و سێ:

یەکەم: بەهەر ڕێگەیەك بێت راوکردن یان کوشتن یان گرتنی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان قەدەغەکراوە و خاوەنداریتی ئەم باڵندە و ئاژەڵانە قەدەغەکراوە یان گەڕاندنیان یان نمایشکردنیان بۆ فرۆشتن چ زیندوو بن یان مردوو.

دووەم: بەتەواوی راوکردنی ماسیەکانی نێو رووبار یان زەنگاوەکان قەدەغەکراوە بەهەر هۆکارێك بێت جگە لە قولاپ و لە کاتەکانی زاوزێکردن نەبێت.

سێ یەم: بەتەواوی راوکردنی ماسی لەرێگەی بەکارهێنانی ژەهرەکان و کارەبا و تەقەمەنییەکان قەدەغەکراوە.

چوارەم: هیچ مۆلەتێکی راوکردن لە هەرێم نادرێت جگە لە ماسیگرەکان لەو وەرزانەی کە رێگە بە راوکردن دەدرێت تێیاندا.

پێنجەم: تێکدانی لانەی باڵندەکان و تێکدانی هێلانەکانیان و کوشتنی بەچکەکانیان یان هێلکەکانیان یان کۆکردنەوەیان قەدەغەکراوە.

شەشەم: بازرگانی کردن بە پێستی و فەرو و هێلکە و قۆچ و ددانی ئاژەڵە کێویەکان و بەرهەمەکانی تر وەك ئێسکەکان قەدەغەکراوە.

حەوتەم: رێگە بە دەرهێنانی هەنگوین لە خانەکانی هەنگ دەدرێت بە مەرجێك برێك لە هەنگوین بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەنگەکان بتوانن بەردەوام بن لە ژیانیان.

هەشتەم: رێگە بە راوکردنی ئاژەڵان دەدرێت بۆ مەبەستە زانستییەکان تەنها لەکاتی بوونی مەرجەکان.

نۆیەم: وێرای سزاکان کە بەپێی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی تر دەسەپێنرێت بۆ ئەوانەی سەرپێچی ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە دەکەن، کە لیژنەی ناوخۆیی هەڵدەستێت بە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی راوکردن و ئەو ئاژەڵانەی کە بە پێچەوانەی یاسا راوکراون.

## کوشتارگەکان و رێککاریەکانی سەربڕینی ئاژەڵان

ماددەی بیست و چوار:

یەکەم: دەبێت ئاژەڵ بەپێی رێساکانی تەندروستی گشتی و رێساکانی رێکخەری کاری کوشتارگەکان سەربڕدرێن.

دووەم: دەبێت ئاژەڵەکان لە شوێن و کوشتارگە تەرخانکراوەکان لەکاتی بوونیان سەربڕدرێن.

سێ یەم: دەبێت رەچاوی رێسا ئایینییەکان لەکاتی سەربڕین دا لە کوشتارگەکان بکرێت.

چوارەم: دەبێت سەربڕین بە زووترین کات بکرێت بەکەمترین ئازار بۆ ئاژەڵەکان.

پێنجەم: سەربڕینی ئاژەڵەکان لە شەقامەکان و شوێنە گشتی یەکان قەدەغەیە.

شەشەم: بەتەواوی سەربڕینی ئاژەڵە کێوییەکان قەدەغەیە.

حەوتەم: ئەنجومەنەکە رێنمایی تایبەت بە سەربڕینی ئاژەڵ و کوشتارگەکان دەردەکات بۆ رێکخستنی ئەو پرسانەی پەیوەندیدارن بەمانەی خوارەوە:

١. دروستکردنی کوشتارگەکان و مەرجەکان و رێککارییەکانی کارکردنیان.
٢. دیاریکردنی تەمەن و رەگەزی ئەو ئاژەڵانەی رێگە بە سەربڕینیان دەدرێت.
٣. مۆڵەتدان بە دروستکردنی کوشتارگەی گەرۆك کە هەڵدەستێت بە پرۆسەکانی سەربڕین بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە کوشتارگەی فەرمییان تێدا نی یە یان لە کاتەکانی بۆنە ئاینییەکان کە تێیدا سەربڕین زۆر دەبێت.
٤. دەرکردنی رێککاریەکان کە لەوانەیە قەدەغەی سەربڕین بکات لە شوێنە گشتییەکان و شەقامەکان یان ماڵەکان پاش مۆڵەتدان بە دروستکردنی کوشتارگە گەرۆکەکان.

## ئاژەڵە بەرەڵاکان

**ماددەی بیست و پێنج:**

یەکەم: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی لەسەری قەدەغەیە ئاژەڵێکی بەرەڵا بکوژێت لەرێگەی ژەهراوی کردنی یان گوللەباران کردنی یان بەهەر رێگەیەکی تری بێ بەزەییانە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەم یاسایەدا دەقی هاتووە.

دووەم: بەتەواوی کوشتنی ئاژەڵە بەرەڵاکان لەلایەن فەرمانگەکانی تەندروستی و ڤێتێرنەری و شارەوانی بەبەکارهێنانی گولە یان حەبی سترکنین یان بەکارهێنانی هەر رێگەیەکی تر قەدەغەکراوە.

سێ یەم: زیادبوونی ژمارەی ئاژەڵە بەرەڵاکان سنووردار دەکرێت لەرێگەی بەکارهێنانی رێگە زانستی یە نوێیەکان ( نەزۆککردن) لەلایەن فەرمانگەکانی ڤێتێرنەری پەیوەندیدار.

چوارەم: لەکاتی روودانی هەر رووداوێک کە ببێتەهۆی مردنی ئاژەڵێکی بەرەڵا ، ئەوا ئەو کەسەی کە ئەمەی ئەنجام داوە دەبێت پابەند بێت بە ناشتنی بەخۆی یان ئاگادار کردنەوەی شارەوانی دەربارەی ئەمە.

پێنجەم: بە هەڵاوێردکردنی ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە ، دەشێت ئاژەڵی بەرەڵا یان کێوی بکوژرێت ئەگەر مەترسیەکی دیاری دروست کرد لەسەر ژیانی تاکەکەسەکان یان ئاژەڵەکانی تر ئەگەر رێگەیەکی تر نەبێت بۆ رووبەرووبونەوەیان.

شەشەم: پارچە زەویەک تەرخان دەکرێت لەهەر پارێزگایەک لەلایەن فەرمانگەی شارەوانی بۆ دروستکردنی داڵدەی ئاژەڵە بەرەڵاکان دوور لە ناوچە نشینگەییەکان و سەرپەرشتی کردن و بەرێوەبردنی راستەوخۆ لەلایەن فەرمانگەی شارەوانی دەبێت لە پارێزگاکە بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڤێتێرنەری و رێکخراوەکانی بەزەییهاتن بە ئاژەڵان لە پارێزگاکە.

## ئەحکامە سزاییەکان

**ماددەی بیست و شەش:**

یەکەم: بەپێشێلنەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە هەر یاسایەکی تر هاتبێت، هەر کەسێك کە پێشێلی یەکێك لە پابەندبوونەکان یان ئەرکەکان بکات کە لەم یاسایەدا دەقەکانی هاتووە یان کارێکی کرد کە ئەم یاسایە قەدەغەی دەکات ، ئەوا حبس دەکرێت بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە مانگێك و بە پێبژاردنێك کە لە ( ١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دوو سزایە.

دووەم: ئەو ئامرازانەی کە لە ئەنجام دانی تاوانەکە بەکارهێنراون و ئەو ئاژەڵە کێویانەی بەدەستهاتوون دەستیان بەسەردا دەگیرێت بەپێی بارەکان.

سێ یەم: ئەحکامەکانی یاسای سزادانی عیراقی و یاسای بنەرەتیەکانی دادگا سزاییە کارپێکراوەکان سەبارەت بە پرسەکانی بەشداری کردن یان شاردنەوە و جووڵاندنی سکاڵا و هی تر کاریان پێدەکرێت مەگەر دەقێك سەبارەتیان لەم یاسایەدا نەهاتبێت.

چوارەم: کۆمەڵە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی ئاژەڵان بۆیان هەیە سکاڵایەك بجووڵێنن لەهەر سەرپێچیەك کە دەقەکەی لەم یاسایەدا هاتبێت.

پێنجەم: ئەندامانی لیژنە ناوخۆییەکان بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بە ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری دادەنرێن کە دەقەکەی لە ماددەی ٣٩ لە یاسای بنەرەتیەکانی دادگا سزاییە کارپێکراودا هاتووە.

ماددەی بیست و حەوت:
لێژنەی ناوخۆیی پەیوەندیدار بە دەرکردنی بڕیارێك بە سپاردنی ئەو ئاژەڵانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت یان دوور دەکەونەوە لە خاوەنەکانیان بەشێوەیەکی بەردەوام یان کاتی لای کۆمەڵەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری کردنی ئاژەڵ یان لە باخچەی ئاژەڵان یان هەر خانوویەك بۆ داڵدەدانی ئاژەڵان یان فرۆشتنیان بە مەزادی ئاشکرا یان بەخشینیان بەپێی بارەکان.

ماددەی بیست و هەشت:
یەکەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.
دووەم: ئەنجومەنەکە، پاش پێکهێنانی، دەبێت ڕێنمایی و ڕێککارییەکانی پێویست دەربکات بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

ماددەی بیست و نۆ:
یەکەم: ئەم یاسایە دژ بە لایەنە حکومیەکان جێبەجێ دەکرێت گوزارشت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی یەوە ( وقائع کوردستان)
دووەم: ئەم یاسایە دژ بە تاکەکەس و لایەنە ناحکومییەکان جێبەجێ دەکرێت پاش تێپەڕینی (٣٠) ڕۆژ لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی ئاماژەپێکراو لە بەندی ( دووەم) لە ماددەی ( بیست و هەشت) لەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی یەوە ( وقائع کوردستان).

## هۆیە پێویستەکان

بەمەبەستی ڕێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵان بەشێوەیەکی مرۆڤانە و شارستانانە کە هاوڕابێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئایینەکان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و بە مەبەستی گرنگی دان بە ئاژەڵان و پاراستنی سامانی ئاژەڵ و پارێزگاری کردنی هەمەجۆری ژینگەیی و بەشداری کردن لە سنووردارکردنی لەناوچوونی هەندێك ئاژەڵ و بوونەوەری زیندوو بۆ زامن کردنی پارێزگاری کردن لە هاوسەنگی سروشتی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان — عیراق.
و بە ئامانجی بەیاساکردن و ڕێکخستنی هەندێك پرسی پەیوەندیدار بە سەربڕینی ئاژەڵان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵانی بەڕەڵا و کێوی و ڕاوکردنی ئاژەڵان و باخچەکانی ئاژەڵان و شوێنە گشتیە ئامادەکراوەکانی تر بۆ نمایشکردنی ئاژەڵان یان فرۆشتنیان و کارەکانی کێڵگەکان و پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و کارەکانی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بە ئاژەڵان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان، و بۆ سنووردارکردنی هەندێك دیاردەی نەرێیی لەناو کۆمەڵگادا وەك سەربڕینی نافەرمی و کوشتنی هەرەمەکی ئاژەڵان بێ پاساو و بۆ زامن کردنی پارێزگاری کردن لە تەندروستی گشتی لە هەرێم دا ، لەبەر گشت ئەمانە، ئەم یاسایە دەرکرا.